# ئەرکی سێگمێنتی (ێ)،
# لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا

پ.ی.د.ابوبکر عمر قادر
زانکۆی سلێمانی – سکوڵی زمان

زمانە سروشتییەکان بەگشتی پێڕەوی دەنگین، خودی ئەم پێڕەوە لە دوو خاڵی سەرەکیدا بەرجەستە دەبێت:

١- هەر زمانە ژمارەیەکی دیاریکراو دەنگی بۆخۆی هەڵبژاردووە.
٢- هەر زمانە لە ڕیزبەندی دەنگە پێکهێنەرەکانی فۆرمی وشەکانیدا سیستمێکی دیاریکراو پێڕەو دەکات و جۆری بڕگە پێکهێنەکانی دەخاتە ڕوو. هاوکات تایبەتێتییەکی دیاری وشە پتەوی ڕیزبەندی دەنگە پێکهێنەرەکانی – فۆنیمەکانێتی.

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا بەدیدەکرێت بەزاندنی ئەو تایبەتێتییەیە، بەتایبەت لە گەردانکردنی فۆرمی کرداردا، وێڕای چالاکی سێگمێنتی (ێ) لە ڕێزمانی بەرهەمهێن و گواستنەوەدا.

**١) سێگمێنت**

سێگمێنت وەك زاراوەیەکی زمانەوانی هەریەك لەو یەکانە دەگرێتەوە، کە لە شیکاری تەکنشینی فۆرمدا دەستنیشان دەکرێت، فۆرم دەشێت وشە، فرێز، یان ڕستە بێت. بەواتا لە ئاستی وشەدا فۆنیمەکان سێگمێنتن، هاوکات لە ئاستی فرێزو ڕستەدا بچوکترین یەکەی ئەرکی و واتایی دیسان سێگمێنتن. (محمد علی خولی: ١٩٨٥: ٢٥٠) بەواتایەکی تر ئاماژە بە دوو جۆر سێگمێنت دەکرێت، فۆنیم دەربڕو مۆرفیم دەربڕ، خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە، کە سێگمێنتی (ێ) هەردوو جۆرەکە دەنوێنێت، لەسەرێکەوە دەبێتە دانەیەکی پێکهاتەی فۆرمی وشەو لەسەرێکی ترەوە دەبێتە دانەیەکی ئەرکی لە دەربڕراوی ڕستەدا، واتە لە ئاستی ڕستەدا دانەیەکی دەنگییە وەك: مۆرف ← مۆرفیم و دەبێتە هەڵگری بەشێك لە واتای ڕستەو بەهەمان واتا لە ڕستەو دەربڕراوی تردا دووبارە دەبێتەوە. (ابوبکر عمر: ٢٠٠٣: ١٦)

**١-١) سێگمێنتی فۆنیمی (ێ):**

فۆنیمی (ێ) لە زمانی کوردیدا، دەنگێکی بزوێنە، سازگەکەی بەشی پێشەوەو سەرەوەی بۆشایی ناودەمە، وەك هەر بزوێنێکی تر بەشداری پێکهاتەی بڕگەو وشە دەکات، بۆنموونە: دێ،

ڕێ، ترێ، بەهێ، ڕێز، پێز، شێت، زێوار، گوێ – گوێچکە، هەرمێ. نموونەکان کە بەگشتی ناون فۆنیمی (ێ) تێیاندا، دانەیەکی بنجین و گۆڕاوی دەنگی تر نین، هاوکات دەنگگۆڕکێ دیاردەیەکی ئاستی زمانەو زمانی کوردیش لەو دیاردەیەدا بەشدارە.

**١-٢ ) مۆرفیمی ( ێ ) و دیاردەی دەنگگۆڕکێ :**

کردەی دەنگگۆڕکێ کە دیاردەیەکی هاوبەشی زمانەکانە، دیاردەیەکی فۆنۆلۆژییە لەسەر ئاستی فۆنیمەکان ، لەباری ئاسایی زماندا ، لە ناو پێکهاتەی برگە و وشەکاندا ڕوودەدات ،چەند هۆکارێك ڕێگەخۆشکەرن بۆی، لەوانە:

١- جیاوازی زارو زارۆچکە، بۆنموونە: کەوتن ← کەفتن، کەوگیر ← کەفگیر، خەزور ← غەزور، سوور ← سۆر، هاوکات تێکدانی ڕیزبەندی دەنگەکانی فۆرمێك، وەك: قۆپچە: قۆچپە، تەرزە: تەزرە...، ئەم دیاردانە پەیوەستن بە فێربوونەوە، واتە هەر لە منداڵییەوە تاکەکانی کۆمەڵ لە دەورووبەرەوە بەوجۆرە فێردەبن و پێڕەوی دەکەن، لە ڕوانگەی چەمکی بابەتیانەی زمانەوە –جۆن لاینز– بەوە لێکیدەداتەوە، کە زمان لەژێر ڕکێفی قسەکەراندایەو دەسەڵاتی تاکی تێدا نییە. (میشال زکریا: ١٩٨٥: ١٩٤)

٢- کاریگەری هاوسێی دەنگەکان، بۆنموونە: بەشدار: بەژدار، پشدەر: پژدەر، بچوك: پچوك، لیژنە: لیجنە، گەزین: گەستن.

٣- گەردانکردنی کردار: Conjugation

کردار وەك وشە، کە واتای ڕوودان لەخۆدەگرێت، دەدرێتە پاڵ کەسێك لەکاتێکی دیاریکراودا، گۆڕینی فۆرمەکەی بەپێی کات و کەس و ژمارە بە گەردانکردن دەناسرێت، بەوە ئاماژەی بۆدەکرێت، کە پۆلە پرادیگمایەکە لە فۆرمە جیاوازەکانی کرداردا دەردەکەوێت. (Trask:1993:56) هاوکات بەوە لێکدەدرێتەوە، کە پۆلێك لە کردار پێڕەوی مۆدێلێك دەکات لە کات و کەس/ ژمارەدا. (Longman:1992:76) ئەوەی لەم کارەدا مەبەستە، گۆڕینی مۆرفیمەکانی کات و کەس نییە، بەڵکو ئەو گۆڕانانەیە، کە هاوشانی گەردانکردنەکان وەك مۆدێلێك لە پێکهاتەی هەندێك لە کردارەکاندا ڕوودەدات، وەك بەشێك لە ڕژێمی دەنگی زمانی کوردی – کرمانجی ناوەڕاست، بەتایبەت سلێمانی– لە ئاستی ڕستەسازیدا، چونکە بێ ئەو گۆڕانکاریانە، کە دووبارە دەبنەوە ڕستەکان واتاو چەمکی خۆیان ناگەیێنن، بەواتایەکی تر ئەم گۆڕانکاریانە پێڕەوکردنی یاساکانی زمانە، بەوەی، کە ڕێزمان ئامێرو بەرهەمهێنی هەموو ڕستەیەکی ڕاستە لە هەر زمانێکی دیاریکراودا. (نایف خرما: ١٩٧٨: ٣٠٠)، لە ئەنجامی تێبینی کردنی بەکاربردنی زمان لە چوارچێوەی ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و بەرجەستەکردنی لەیەکتر گەیشتن، لەم توێژینەوەیەدا چەند دیاردەیەکی تایبەت بە سێگمێنتی (ێ) ڕووندەکرێتەوە:

یەکەم: گۆڕینی فۆنیمی (ا) لە ڕابردوودا، بۆ فۆنیمی (ێ) لە ڕانەبردوودا.

دووەم: هاتنە ناوەوەی فۆنیمی (ێ) لە کردارگەلێکدا.

سێیەم: گۆڕینی فۆرمی (ە) بۆ (ێ) لە کردەی سینتاکسیدا.

**١-٢-١ ) گۆڕینی فۆنیمی ( ا ) لە ڕابردوودا، بۆ فۆنیمی ( ێ ) لە ڕانەبردوودا :**

توێژەران ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە، کە مۆرفیمی کاتی ڕابردوو لە کاری بکەردیاردا مۆرفیمەکانی (ا، د، ت، و، ی)یە، هاوکات ئەوەش خراوەتە ڕوو، کە مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوو مۆرفیمی سفرە، لەکاتێکدا ڕابردووی بکەرنادیار تەنها مۆرفیمی (ا)و ڕانەبردووش مۆرفیمی (ێ)یە. خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە، کە لە پێکهاتەی فۆرمی ڕانەبردوو – بکەردیار – دا، فۆرمێکی دیاریکراو بۆ مۆرفیمی کات نییە، واتە ئەوەی لە بناغەی کاردا ئاماژەدەری کاتە، لە ڕانەبردوودا بوونی بۆ گۆڕاوێك لە ئارادا نییە، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا فۆنیمی (ێ) کۆتایی ڕەگی کار دەگرێت لەگەڵ کردارگەلێکدا، بۆ خستنەڕووی ئەو ڕاستییە سەرەتا ئاماژە بە گۆڕینی دەنگی (ا) بۆ (ێ) دەکرێت، وەك لە نموونەکاندا دەردەکەوێت:

سپاردن: بەخوام سپاردیت ← بەخوات دەسپێرم

ژماردن: کتێبەکانم ژمارد ← کتێبەکان دەژمێرم

بژاردن: برنجەکەم بژارد ← برنجەکە دەبژێرم

هاتن: میوانەکە هات ← میوانەکە دهێت/ دێت.

گۆڕینی کاتی ڕابردوو بۆ ڕانەبردوو، گۆڕینی دەنگێکی بنجی فۆرمی کرداری گۆڕیوە، بێ ئەوەی واتا گۆڕرابێت‌و پەیوەندی بە مۆرفیمی کاتەوە هەبێت. هاوکات ئەو کردارانەی، کە توانایان لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ دەگۆڕرێت مۆرفیمی کاتی ڕابردوویان، دەبێت بە (د) بۆ نموونە:

چاکە کوڵا: چاکەم کوڵاند. منداڵەکە گریا: منداڵەکەی گریاند.

تۆپەکە تەقی: تۆپەکەت تەقاند. منداڵەکە خەوت: منداڵەکەی خەواند.

ئەم گۆڕانکاریانە، ئەو فۆنیمانە ناگرێتەوە، کە لە ئاوازەداری‌و کپیدا جیاوازن، بۆ نموونە:


کوشتی: دەیکوژێت گەستی: دەگەزێت

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆبکرێت، مۆرفیمی گۆڕینی توانای کردارە کە بریتییە لە مۆرفیمی (ان)[1] کاتێك کردارەکان لە ڕووی کاتەوە گەرداندەکرێن بۆ ڕانەبردوو، فۆنیمی (ا) لە مۆرفیمی (ان)دا دەگۆڕێت بۆ ێ ← ێن، بۆ نموونە:

چاکەم کوڵاند: چاکە دەکوڵێنم. منداڵەکەم گریاند: منداڵەکە دەگرێنم.

تۆپەکەی تەقاند: تۆپەکە دەتەقێنێت. منداڵەکەی خەواند: منداڵەکە دەخەوێنێت.

لە بکەرنادیاردا: من بینرام: من دەبینرێم.



لێکدانەوەی نموونەکان ئەو ڕاستییە دەخەنە ڕوو، کە گۆڕینی دەنگی (ا) بۆ (ێ) دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی زمانی کوردییە. ئەم دیاردەیە دەنگی تریش دەگرێتەوە، بۆ نموونە لە چاوگی (ویستن)دا فۆنیمی (ی) دیسان دەبێت بە (ێ) لە ڕانەبردوودا:

ویستم بتبینم ← دەمەوێ بتبینم.

دەتانویست بڕۆن: دەتانەوێت/ ێ بڕۆن.

ئەوەی جێی سەرنجە، جگە لە گۆڕینی ی ← ێ هاوکات دەنگی (س) تێدەچێت.

دیاردەی گۆڕینی دەنگی بزوێن بە بزوێنێکی تر واتای فەرهەنگی وشە تێکنادات‌و نایگۆڕێت، (کریستاڵ) ئەمە بە جیاوازی ڕەگەکان لە ڕابردوو یان ڕانەبردوودا، بەتەواوێتی پارادیگماکان دەناسێنێت. (Crystal:2003:446)

هاوکات ئەم دیاردەیە لە زمانی عەرەبیدا بە (اعلال) ناوبراوە، بە بۆچوونی (حاتم صالح الضامن) (ئەم دیاردەیە لە بنەڕەتدا بۆ دیاردەیەکی دەنگی دەگەڕێتەوە، کە بە کاریگەری یاساگەلێکی وردو گرنگ بەرجەستە دەبێت، بەمەبەستی ڕێککەوتنی دەنگی پیتەکانی تاکە وشەیەك یان دوو وشەی سەربەخۆدا). (حاتم صالح: ١٩٩١: ١٨٨) هاوکات (عبدالجبار علوان) دەڵێت: (زۆرینەی دەنگە گۆڕکێکان، پێڕەوی پێوانەیەك دەکەن). (عبدالجبار: ١٩٨٨: ٣١٨) بەواتا بەپێی سیستمێکی چەسپاو ئەنجام دەدرێن، هەردوو سەرچاوەکە ئەوەیان خستۆتە ڕوو، کە دەشێت ئەم دیاردەیە گۆڕینی دەنگێکی ڤاوڵ بە دەنگێکی تری ڤاوڵ یان گۆنەکردنی دەنگە ڤاوڵەکە بێت، یان لاخستنی سەروبۆر (حرکە) بێت، ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کە ئەم دیاردەیە لە زمانی عەرەبیدا پێڕەوێکی دەنگی چەسپاوە، بە بەراورد لەگەڵ زمانی کوردیدا دەتوانرێت بگوترێت، ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیشدا تاڕادەیەك چەسپاوە، وەك لە شیکاری نموونەکاندا خرایەڕوو. لەکاتێکدا لە زمانی ئینگلیزیدا دیاردەکە ئاراستەیەکی تر دەگرێت، بۆ نموونە لە گەردانکردنی کاتی کرداردا، دیاردەکە بە (mutation) دەناسرێت، (Matthews:2007:256) کە بە کاریگەری ژینگەی ناوەندی زمانیی ڕوودەدات، دەنگگۆڕکێ کۆنسۆنانت و ڤاوڵ دەگرێتەوە، بۆ نموونە:

made ڕابردوو ⟵ make ڕانەبردوو d، k کۆنسۆنانتن

هاوکات لەژێر ناونیشانی Inflection in Lexical Morphology ئاماژە بە گۆڕینی دەنگی ڤاوڵ دەکرێت لە پێکهاتەی ڕەگی کرداردا، بێ گۆڕینی واتای فەرهەنگی (Katamba:1993:100)

بۆ نموونە:

drive → drove
write → wrote
rise → rose

گۆڕینی i ← o

sing → sang
ring → rang

گۆڕینی i ← a

کردەی گۆڕینی دەنگی ڤاوڵ لە زمانی ئینگلیزیدا تەنیا پەیوەست بە گەردانکردنی کاتی کردارەوە نییە ، بەڵکو لە تاك و کۆی ناوەکانیشدا ڕوودەدات، وەك:

| تاك | | کۆ |
|---|---|---|
| foot | → | feet |
| tooth | → | teeth |

بۆیە ئەم کردەیە بە ناسیستماکی دادەنرێت، چونکە پێڕەوێکی یاسایی بناغەیی نییە. بەپێچەوانەی ئەوەی لە زمانی کوردی‌و عەرەبیدا هەیە.

بۆ گۆڕراوەکان لە گەردانکردنی کاتی کرداردا دەبنە پرادیگمای دەنگە گۆڕراوەکان‌و هێمای گۆڕینی کات لەخۆدەگرن بێ ئەوەی مۆرفیمی کات لە ڕەگی کردارەکاندا بەرجەستە بووبێت، چونکە کات و کەس لە زمانی ئینگلیزیدا بە INFL دەناسرێت بوونێکی مۆرفۆلۆژیانەی نییە، لەکاتێکدا لە زمانی کوردیدا مۆرفیم دەیاننوێنن تەنانەت، گەر بە مۆرفیمی سفریش بێت. جیاوازی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا لەوەدا دیاریدەکرێت، کە گۆڕین لە ڕابردوو بۆ ڕانەبردووەوە تاڕادەیەك سیستمێکی فۆنۆلۆژی چەسپاو پێڕەو دەکات، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا چاوگ پەیوەستە بە ڕانەبردووەوەو دەگۆڕرێت بۆ ڕابردوو، بێ ئەوەی یەك سیستم پێڕەو بکات.

خاڵی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە، پەیوەست بە چالاکی فۆنیمی (ێ) لە گەردانکردندا ئەوە دەخاتەڕوو، کە (ێ) ڕۆڵی گونجاندن – Agreement – لە پێکهاتەی فۆرمی کرداردا پەیوەست بە کاتی ڕێزمانی کردارەوە دەبینێت بێ ئەوەی ئاماژە بێت بۆ کاتی کردار، بەواتا گۆڕین لە نواندنی فۆنۆلۆژیدایە، لە ڕێکخستنی مۆرفۆلۆژیانەی لێکسیکۆندا (Mechael:1988:123)، کە بە مۆدێلێك لە بەکارهێنانی ڕێساکاندا یان یاساکاندا لەقەڵەم دەدرێت.

**١-٢-٢ ) هاتنەناوەوەی فۆنیمی ( ێ ):**

بە سەرنجدانێکی ورد لە سیستمی وەرگرتنی کردار لە چاوگەوە، ئەوە بەدیدەکرێت، کە فۆنیمەکانی (ا، د، ت، و، ی)ی پێش نونی چاوگی دەبنە مۆرفیمی کاتی ڕابردووی بکەر دیار، کاتێك گەرداندەکرێن بۆ کاتی ڕانەبردوو نامێنن، واتە نابنە بەشێك لە فۆرمی کرداری ڕانەبردوو، چونکە مۆرفیمی کات لە ڕانەبردوودا سفرە، بەڵام خاڵی سەرنجراکێش ئەوەیە، کە لەدوای ڕەگی کارەوە فۆنیمی (ێ) دێتە ناوەوە، بەتایبەت لەو کردارانەدا، کە کاتی ڕابردوویان مۆرفیمی (ا)یە. بۆیە لێرەدا بە پێویست دەزانرێت، ئاماژە بە دوو جۆر چاوگی ئەلفی بکرێت:

١- چاوگی ئاسایی: واتە ئەو چاوگانەی گەردانکردنیان بەپێی سیستمی کارپێکراوە لە چاوگەکانی تردا – واتە دەنگی (ا) وەك دەنگەکانی: (د، ت، و، ی) دەڕوات – بۆ نموونە:

| چاوگ | ڕابردوو | ڕانەبردوو |
|---|---|---|
| ژیان: | منداڵەکە ژیا. | منداڵەکە دەژی. |
| کێڵان: | جوتیارەکە زەوییەکەی کێڵا. | جوتیارەکە زەوییەکە دەکێڵێت. |
| شێلان: | ژنەکە هەویرەکەی شێلا. | ژنەکە هەویرەکە دەشێلێت. |
| هێڵان: | ئازاد هێڵای بڕۆم | ئازاد دەهێڵێت بڕۆم. |
| گێڕان: | سەپانەکە بانەکەی گێڕا. | سەپانەکە بانەکە دەگێڕێت. |
| هێنان: | تۆ کتێبەکەت هێنا. | تۆ کتێبەکە دەهێنیت. |

لە نموونەکاندا کردارەکان بەپێی یاسای ڕێزمانی گەردانکراون.

٢- چاوگی نائاسایی: مەبەست لەو چاوگانەیە، کە ڕەوتی سیستمی کارپێکراو دەبەزێنن بەوەی، کە لەدوای ڕەگی کردارەوە، فۆنیمی (ێ) دێتە ناوەوە. بەلای هەندێك لە زمانەوانانەوە فۆنیمی (ێ) وەرگێڕراوی مۆرفیمی (ا)ی کاتی ڕابردووە لە کرداری تێنەپەڕدا[٢]. لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە دابڕە، بە پەسەند نازانرێت، چونکە:

أ- ڕەگی کاتی ڕانەبردوو لە بکەردیاردا مۆرفیمی سفرەو نواندنی فۆنەتیکی نییە.

ب- هاوکات لێکدانەوەی ئەم نموونانەی خوارەوە بۆچوونەکە پەسەند ناکات:

| چاوگ | کاتی ڕابردوو | کاتی ڕانەبردوو | | فەرمانە ڕووکار | دانانە ڕووکار |
|---|---|---|---|---|---|
| لەرزین/لەرزان: | لە سەرمادا دەلەرزام. | ڕەگ | دەلەرزم/ دەلەرزێم | مەلەرزە | نەلەرزیت |
| | | لەرز | | مەلەرزێ/ ێن | نەلەرزێیت |
| تۆقان | تۆ تۆقایت. | ڕەگ | دەتۆقیت | مەتۆقە/ مەتۆقێ | نەتۆقیت |
| | | تۆق | دەتۆقێیت | مەتۆقن/ مەتۆقێن | نەتۆقێیت |
| ترسان | ئەوان ترساون. | | دەترسن | مەترسە/ مەترسێ | نابێت بترسن |
| | | | دەترسێن | مەترسن/ مەترسێن | نابێت بترسێن |

دەشێت بگوترێت مۆرفیمی (ە) کەسی دووەمی تاك گۆڕراوە بۆ (ێ)، بەڵام لەگەڵ کەسی دووەمی کۆ ئەو بۆچوونە ڕەتدەکرێتەوە:

| مە | + ترس | + ∅ | + ن |
|---|---|---|---|
| م.ناکردن | م.ڕەگ | م.کاتی ڕانەبردوو | م.کەس |

| مە | + ترس | + ێ | + ∅ | + ن |
|---|---|---|---|---|
| م.ناکردن | م.ڕەگ | م.بەتاڵ | م.کات | م.کەس |

نموونەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە فۆنیمی (ێ) دەنگێکی زیادە، پەیوەستە بە دەربڕینی ناوچەییەوە، لەگەڵ هاتنە ناوەوەیدا، مۆرفیمی (ە) کەسی دووەمی فەرمانە ڕووکار لەناودەچێت. ئەوەی شایانی سەرنجە ئەم نموونانەی خوارەوە، کە گۆڕینی توانای کرداری لە تێنەپەڕەوە بۆکراوە بە تێپەڕ، ڕاستێتی هاتنە ناوەوەی فۆنیمی (ێ) پتەوتر دەکات:

| | چاوگ | ڕابردوو | ڕانەبردوو | |
|---|---|---|---|---|
| حەوان + ەوە ← | حەوانەوە: | حەوامەوە | دەحەوێمەوە | (تێنەپەڕ) |
| | حەواندنەوە: | حەواندمەوە | دەحەوێنمەوە | (تێپەڕ) |
| سووڕان + ەوە ← | سووڕانەوە: | سووڕامەوە | دەسووڕێنمەوە | (تێنەپەڕ) |
| | سووڕاندنەوە: | سووڕاندمەوە | دەسووڕێنمەوە | (تێپەڕ) |
| کوژان + ەوە ← | کوژانەوە: | | | |

| | | |
|---|---|---|
| من کوژامەوە | من گڵۆپەکەم کوژاندەوە ← | کوژاندمەوە |
| تۆ کوژایتەوە | تۆ گڵۆپەکەت کوژاندەوە ← | کوژاندتەوە |
| ئەو کوژایەوە | ئەو گڵۆپەکەی کوژاندەوە ← | کوژاندییەوە |

گۆڕینی توانای کردار لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ بە زیادکردنی مۆرفیمی (ان) و مۆرفیمی (د) کاتی ڕابردوو، لە نموونەکاندا بەڕوونی دەردەکەون، هاوکات لە گەردانکردن بۆ کاتی ڕانەبردوو، بەراورد لەنێوان تێنەپەڕو تێپەڕدا، هاتنە ناوەوەی فۆنیمی (ێ) لە تێنەپەڕدا دەسەلمێت:

| | |
|---|---|
| من دەکوژێمەوە | من گڵۆپەکە دەکوژێنمەوە |
| تۆ دەکوژێیتەوە | تۆ گڵۆپەکە دەکوژێنیتەوە |
| ئەو دەکوژێتەوە | ئەو گڵۆپەکە دەکوژێنێتەوە |

| دە | + | کوژ | + | ێ | + | م | + | ەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| م.ئەسپێکت | | م.ڕەگ | | م.بەتاڵ | | م.کەس | | م.بەندی وشەداڕێژ (پاشگر) |

| دە | + | کوژ | + | ێن | + | م | + | ەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| م.ئەسپێکت | | م.ڕەگ | | م.گ.ت.ك | | م.کەس | | م.بەندی وشەداڕێژ |

بەراوردی ئەم دوو شیکارە، ئەوە دیاریدەکات، کە فۆرمی ڕەگی کردار (کوژ)ە دەنگی (ێ) لە ڕانەبردووی تێنەپەڕدا، بۆ ئاسانی دەربڕینە لەنێوان ڕەگو جێناوی کەسی لکاودا، بەڵام لە ڕانەبردووی تێپەڕدا، فۆرمی (ێن)، کە مۆرفیمی گۆڕینی توانای کردارە کەوتووەتە نێوان ڕەگو جێناوی کەسی لکاوەوە.

دیاردەی هاتنەناوەوەی فۆنیمی (ێ) – بێ ئەوەی هەڵگری واتاو ئەرك بێت، مۆرفیمێکی بەتاڵە – لەنێوان ڕەگو جێناوی کەسی لکاودا، گونجاندنێکی فۆنۆلۆژی زارەکەیە، ئەم گونجاندنەش تەنها تایبەت نییە بە فۆنیمی (ا) لە فۆرمی کرداردا، بۆنموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| چەقین | (ڕەگ) | دەچەقم / دەچەقێم | مەچەقە / مەچەقێ / ێن |
| | چەق | دەچەقیت / دەچەقێیت | نەچەقیت / نەچەقێیت |
| فڕین | فڕ | دەفڕیت / بەرز دەفڕێیت | مەفڕن / مەفڕێن |
| ویستن | وی | دەتەوێت / دەتەوێن | |

جگە لەم ڕاستییانە، خاڵێکی تر لە چالاکی فۆنیمی (ێ) لەوەدایە، کە دەچێتە پێکهاتەی ڕەگەوە، بۆنموونە:

| ڕشتن/ | ڕەگ | ڕابردوو | ڕانەبردوو | فەرمان | دانانی |
|---|---|---|---|---|---|
| /ڕژان | ڕژ | دۆکە ڕژا | دۆکە دەڕژم<br>دۆکە دەڕێژم | دۆکە بڕژە/ بڕێژە | دۆکە نەڕژیت/ نەڕێژیت |

ئەم کردەیە بە ئاخنین Insertion ناودەبرێت، کە زیادکردنی دەنگی ڤاوڵ Default لەخۆدەگرێت (Matthews:2007:94)

هاتنەناوەوەی ئەم فۆنیمە ڕەنگدانەوەی پەیوەستبوونی نواندنی واتاییە بە نواندنی دەنگییەوە، لەم ڕوانگەیەوە لە تیۆری گشتی ڕۆناندا (چۆمسکی) ئەم مەرجانە دیاریدەکات کە پێویستە لە ڕێزماندا هەبن (میشال زکریا: ١٩٨٥: ٢٦٠)، کە بریتین لە:

١– بوونی نواندنی دەنگی گونجاو.

٢– بوونی نواندنی واتایی پەسەند.

٣– دیاریکردنی یاساگەلێك، کە نواندنی دەنگیو واتایی پەیوەست پێکەوە ڕستەکانی زمان بەرهەمدەهێنن.

لە ڕوانگەی ئەم مەرجانەوە:

١) گۆڕینی دەنگی (ا) بۆ (ێ) گونجاوە.

٢) تێکنەدانی واتای فەرهەنگی وشە، لە هاتنەناوەوەی فۆنیمی (ێ).

٣) بەرجەستەکردنی واتای باری ڕێزمانی کاتی کردار، گۆڕینی توانای کردار.

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە ڕێزمانی هەر زمانێك پەیوەست کردنی دەنگە بە واتا، بەواتایەکی تر گۆڕینی دەنگو هاتنەناوەوەی دەنگی زمانی بۆ ناو فۆرمەکان، بێ گۆڕینی واتای فەرهەنگی دەربڕراوەکان و هێنانە ئارای تێگەیشتن، ڕەنگدانەوەی وتارێکی چۆمسکییە بەناوی (سروشتی شێوەی زمان) کە تێیدا فۆرمی دەنگی ڕستە، ناوەڕۆکی واتایی دیاریدەکات. (میشال زکریا: ١٩٨٥: ٢٥٩).

سنووری چالاکی فۆنیمی (ێ) تەنها لە چوارچێوەی کرداردا ناوەستێت، بەڵکو دەچێتە سەر ناوی کات بێ ئەوەی واتا بگۆڕێت[٣] . بۆنموونە:

ئێواره دهتبینم ⟵ ئێوارێ دهتبینم.

شهو دێم بۆلات ⟵ شهوێ دێم بۆلات.

**١-٢-٣) گۆڕینی فۆرمی (ه) بۆ (ێ) له كردهی سینتاكسیدا:**

زمانی كوردی وهك ههر زمانێكی سروشتی خاوهنی ڕێزمانی تایبهتی خۆیهتی، تایبهتێتییهكی سنورداری ئهم زمانه گۆڕینی فۆرمی جێناوی كهسی جودایه له پێكهاتهی فرێزی پێشناویدا بۆ جێناوی كهسی لكاو، بهتایبهت لهگهڵ كردارهكانی (دان، گهیشتن)دا، لهم كردهیهدا مۆرفیمی – پێشناوی – (ه) دهگۆڕێت بۆ (ێ) و كۆتایی فۆرمی كردار دهگرێت، هاوكات مۆرفیمهكانی، (به، له) دهگۆڕرێن بۆ (پێ، لێ) پێش جێناوه لكاوهكان دهكهون، وهك:

به ئێوه دهڵێم، كه... له ئێوه دهپرسم...

پێتان دهڵێم، كه... لێتان دهپرسم...

بهواتا له ڕێزمانی گواستنهوهدا ئهم كردهیه ئهنجامدهدرێت، بهڵام مۆرفیمی (ه) وهك پێشناو چالاكتره، لهسهرێكهوه شێوهیهكی نهگۆڕی ههیه، وهك:

منداڵهكه كهوت ⟵ منداڵهكه كهوت ه چاڵهكهوه

ف ن ف ك ف ن ك ف پ ن

ف ك

بهڵام لهگهڵ ههردوو كرداری (دان، گهیشتن)دا فۆرمهكهی دهگۆڕرێت بۆ (ێ) و كۆتایی فۆرمی كردار دهگرێت، له ههرسێ ڕێژه/ڕووكاردا، واته له ههواڵیو دانانیو فهرمانیدا، له ڕابردوو، ڕانهبردوودا، وهك له نموونهكاندا دیاریدهكرێت:

١) أ ١- دانا كتێبێكی به من دا.
٢- دانا كتێبێكی پێمدا.
ب ١- دانا كتێبێكی دایه من.
٢- دانا كتێبێكی دامێ.

٢) أ ١- دانا كتێبێك دهدات به من.
٢- دانا كتێبێكم پێ دهدات.
(پێمدهدات)
ب ١- دانا كتێبێك دهداته من.
٢- دانا كتێبێكم دهداتێ.
(دهمداتێ)

٣) أ ١- دانا به ئێوه دهگهیشت.
٢- دانا پێتان دهگهیشت.
ب ١- دانا دهگهشته ئێوه.
٢- دانا دهتانگهشتێ.

٤) أ ١- دانا به ئێوه دهگات.
٢- دانا پێتان دهگات.
ب ١- دانا دهگاته ئێوه.
٢- دانا دهتانگاتێ.

٥) أ ١- کتێبەکە بدە بە من.
٢- کتێبەکەم پێبدە.
ب ١- کتێبەکە بدە ە من[٤]
٢- کتێبەکەم بدەیی/ بدەرێ

٦) أ ١- جاکوا کتێبێکت بەمن دابێت.
٢- جاکوا کتێبێکت پێدابم/پێدابێتم.
ب ١- جاکوا کتێبێکت دابێتە من.
٢- جاکوا کتێبێکت دابمێ.
(دابێتمێ)

٧) أ ١- دەمەوێت کتێبێك بە تۆ بدەم.
٢- دەمەوێت کتێبێکت پێبدەم.
ب ١- دەمەوێت کتێبێك بدەمە تۆ.
٢- دەمەوێت کتێبێکت بدەمێ.

لە تێڕوانینی وردی نموونەکان ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە:

١- دەربڕینی أ-١ و ب-١ پڕکردنەوەی قاڵبی ڕێزمانی ڕستەیە، بەواتا قاڵبی ڕێزمانی ڕستە فرێزی ناوی‌و فرێزی کرداری بنجی ڕستە بە فۆرمەکانی ناوو کردار پڕکراونەتەوە تەنانەت ئەگەر (Pro) بێت. هاوکات لە چوارچێوەی فرێزی کرداریدا فرێزی پێشناوی کە دەرخەری لایەنێکی نادیاری ڕوودانی کردارە هاتووە، کە دەشێت پێش کردار یان دوای کردار بێت، لە نموونەکانی ژمارە یەکی (أ)دا، فرێزی پێشناوی دەشێت پێش کردار یان دوای کردار بێت، بەڵام نموونەکانی ژمارە یەکی (ب) فرێزی پێشناوی هەمیشە دوای کردارە.

٢- ڕستەکانی خاڵی (أ-٢) بەرهەمهاتووی یان گواستنەوەی (أ-١)ن، کە تێیاندا مۆرفیمی (بە) گۆڕراوە بە (پێ)، شکانەوەی فۆرمەکە بەجۆرێکە، کە (پێ) پێش کردار دێت‌و جێناوی لکاوی دوای (بە) جوڵەی پێدەکرێت/ ناجێگیرە.

٣- ڕستەکانی خاڵی (ب-٢) دیسان بەرهەمهاتووی (ب-١)ن، کە تێیدا مۆرفیمی (ە) گۆڕراوە بۆ (ێ) و جووڵەی پێکراوە بۆ کۆتایی پێکهاتەی فۆرمی کردار.

٤- ئەم شیکارە ئەوە دەسەلمێنێت، کە سێگمێنتی (ێ) بۆ گۆڕاوی (ە)یە نەك (بە) بەمەش ئەو بۆچوونە بە گونجاو نازانرێت، کە (ێ) بۆ گۆڕاوی (بە ← پێ) بێت.[٥]

أ-١) (من) کتێبەکە دەدەم بە تۆ. ←—— أ-٢) جاکوا تۆ کتێبەکەم پێبدەیت. (پێ + بد)

ب-١) من کتێبەکە دەدەمە تۆ. ←—— ب-٢) جاکوا تۆ کتێبەکەم بدەیتێ.

هەندێك مۆرفیمی (ە) بە جێگیری (بە) دادەنێن، لەم ڕووەوە (ئازاد امین: ١٩٩٨: ٦٥) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە (ە) دەبێتە جێگیری پریپۆزیشنی (بە).

لەڕاستیدا مۆرفیمی (ە) وەك پێشناو/ پریپۆزیشن، تەنها جێگرەوەی (بە) نییە، بەڵکو دەشبێتە پارادیگمای پێشناوەکانی (بۆ، تا)، وەك:

دەڕۆم بۆ زانكۆ.


دەڕۆم تا زانكۆ.

دەڕۆمە زانكۆ.

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، كە مۆرفیمی (ە) پێشناوێكی بنجییەو لە ئاستی پەیوەندی ستوونیدا جێگرەوەی پێشناوەكانی (بە، تۆ، تا)یە، جگەلەوە لە زۆرێك لە دەربڕینەكاندا، پێشناوەكانی تر جێیناگرنەوە، وەك:

شووتییەكەی خستە حەوزەكە.    دزەكە كەوتە بۆسەوە.

كەواتە، گۆڕینی مۆرفیمی (ە)ی پێشناوی بۆ مۆرفیمی (ێ) بەهەمان واتاو ئەركەوە، تایبەتێتییەكی زارەكەیە، بۆ خستنەڕووی گۆڕانەكان، جوڵەی بۆ گۆڕراوەكان لەم دوو نموونەیەدا دەخرێتە ڕوو:




لێكدانەوەی ئەم دوو شیكارە، خستنەڕووی پەیوەندی نێوان سیستمی دەنگوسیستمی گەردانكردنە، كە پەیوەستە بە هەردوو سیستمی مۆرفۆلۆژیو سینتاكسەوە (نایف خرما: ١٩٧٨: ٢٧٢)، بەواتا هەردوو زانستەكە یەكتر تەواودەكەنو گۆڕانە فۆنۆلۆژییەكان لە چەمكو واتای دەربڕراوەكان ناگۆڕن، هەر لەم ڕوانگەیەوە دەگوترێت گۆڕینی مۆرفیمی (بە) بۆ (پێ) وەك پێشناوێكی نابنجی جیاوازە لە گۆڕینی (ە) بۆ (ێ)، چونكە (بە، ە) دوو پێشناوی بنجین، هەروەك (لە، بێ، بۆ، تا، وەك) وەهان، كە لە بنەڕەتدا جێكەوتەیان پێش ناو یان جێناو یان فرێزی ناوییەو، بۆ گۆڕاوی (پێ) دەچێتە پێش جێناوی لكاو، یان پێش ڕەگی كار دەگرێتو وەك وشەدارێژ دەچێتە پێكهاتەی كرداری دارێژراوەوە، وەك پێگرتن، پێسرین/پێسڕ، لەكاتێكدا بۆ گۆڕراوی (ێ) لە ڕستەی ناوكیدا – كە كورتترین دەربڕراوی ڕستەیە – كردارەكەی كردارێكی تێهەڵكێشی شكاوەیە، بەواتا جگە لە ڕەگو كاتو كەس دەشێت بەركارو چەمكی فرێزی پێشناوی لەخۆبگرێت، ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئاڵوگۆڕی جێكەوتەی پێشناوو ناو یان جێناوەكەی دوایەتی، لەگەڵ هەردوو كرداری گەردانكراو لە چاوگەكانی (دان و گەیشتن)دا، كە دەشێت پاشماوەی دۆخێكی ڕێزمانی بێت، كە زارەكە لەم قۆناغەدا خۆی لێڕزگار كردووە.

## ئه نجام:

بە وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە، ئەم ئەنجامانە دەخرێنە ڕوو:

١- سیستمی فۆنۆلۆژی زمانی کوردی لە ڕوانگەی گونجاندنی نواندنی دەنگییەوە، ڕێگەدەدات فۆنیمی (ا) بگۆڕرێت بۆ (ێ) بێ ئەوەی نواندنی واتایی بگۆڕرێت.

٢- هاتنەناوەوەی فۆنیمی (ێ) فۆرمی ڕانەبردووی کردار دیاریدەکات، بێ ئەوەی ڕۆڵی مۆرفیمی کات بنوێنێت، بەڵکو بە مۆرفیمی بەتاڵ ئەژمار دەکرێت، بەمەش ئەو بۆچونە پەسەند ناکرێت کە (ێ) بۆ گۆڕراوی ( ا ) بێت .

٣- لە گۆڕینی جێناوی کەسی جودای پێکهاتەی فرێزی پێشناوی دا، بۆ جێناوی کەسی لکاو، مۆرفیمی (بە) دەگۆڕرێت بۆ (پێ)، پێش ڕەگی کار دێت ، نەك ئەوەی وتراوە ، کە (بە) دەبێت بە (ێ) لە کۆتایی کرداردا .

٤- سێگمێنتی (ە) وەك پێشناو، لە فرێزی پێشناویدا، دەگۆڕرێت بۆ (ێ)و کۆتایی پێکهاتەی فۆرمی کردار دەگرێتو ئاراستەی حوکمکردنەکەی لە ڕاستەوە دەگۆڕرێت بۆ چەپ دوای جێناوی ڕێکەوتن – نیشانەی بکەری – دێت.

## پەراوێزەکان:

١- بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: ابوبکر عمر قادر، ٢٠٠٣، ل٧٨.

٢- بە بۆچوونی وریا عمر امین (٢٠٠٤: ١٣٤) چاوگی ئەلفی "أ: لەگەڵ تێپەڕا ڕەگی داهاتوو بە لابردنی (ا)ەکە دەست ئەکەوێ، ب: گەر تێنەپەڕبوو ڕەگی داهاتووی بە گۆڕینی (ا) بە (ێ) دەست ئەکەوێ".

٣- مۆرفیمی (ێ) لە ڕەسەندا نیشانەی دۆخی تیانە و بووە بە پاشگر ، وەك بەهارێ ، ئێوارێ ، سەرێ .... بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە : ئەورەحمانی حاجی مارف ، ١٩٨٨ لا ١٥٦

٤- هەردوو بزوێنی (ە) لە گۆکردندا یەکدەگرن، ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر لە دەربڕیندا بەدی ناکرێت، بەڵام لە گۆڕینی بۆ (ێ) بەرجەستە دەبێتەوەو دەنگی کلۆری (ی/ ر) دەچێتە نێوانیانەوە.

٥- بەلای (وریا عمر امین)ەوە، (بە) دەبێتە پاشبەندی (ێ) بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: (وریا عمر امین: ١٩٨٦: ١٨٥).

## کورتکراوه:

م.گ.ت.ك: مۆرفیمی گۆڕینی توانای کردار.

## سەرچاوەکان:


١) ابوبکر عمر قادر (نامەی دکتۆرا بلاْونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٣.

٢) ئازاد امین فرج (نامەی ماستەر)، زانکۆی بەغداد، ١٩٩٨.

٣) ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، وشەسازی ، بەشی چوارەم، ژمارە و ئاوەڵکردار ، بەغداد ، ١٩٨٨

٤) وریا عمر امین، (گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد)، بەرگی ١٥، ١٩٨٦.

٥) وريا عمر امين، (كات و ڕەگی فەرمان) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
٦) حاتم صالح الضامن، الصرف، جامعة بغداد، مطابع دارالحكمة للطباعة والنشر، ١٩٩١.
٧) عبدالجبار علوان النايله، الصرف الواضح، مديرية دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٨.
٨) محمد على الخولى، معجم علم اللغة النظري، انكليزي – عربي، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٨٢.
٩) ميشال زكريا، الالسنية (علم اللغة الحديث)، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٥.
١٠) نايف خرما، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، (عالم المعرفة)، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب – الكويت، ١٩٧٨.
11) Bybee، Joan (1988) "Morphology as Lexical Organization" in Theoretical Morphology. Emerald Group: Academic Press.
12) Crystal، David (2003) A Dictionary of Linguistics and Phonetics. (5th ed).
13) Katamba، Francis (1993) Morphology. London: Macmillan.
14) Matthews، P. H. (2007) The Concise Dictionary of Linguistics. Oxford: Oxford University Press.
15) Richards، Jack and Schmidt، R. (1992) Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics. (2nd ed).
16) Trask، R. L. (1993) A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics. London: Rutledge.


## ملخص البحث

يتناول هذا البحث: (الدور الاساسي لأصغر وحدة لغوية segment (ێ) في التحليل الصوتي والنحوي في اللغة الكردية من خلال التحليل السيجمينتي للكلمات والجمل)، متجسداً بظواهر ثلاث:

١- تغيير الصوت (آ) الى (ێ) في حال تصريف زمن الفعل من الماضي الى المضارع، دون أن يؤثر نحوياً في التصريف او التغيير الدلالي والمعجمي، مثل (ژماردن ← دەژمێرم)، وبذلك تتقابل ظاهرة الاعلال في اللغة العربية و mutation في اللغة الانجليزية اى Inflection in lexical morphology.

٢- ادخال او تضمين صوت (ێ) الى مكون الفعل المضارع او بنيته، متمثلاً بسلاسة النطق فقط وبهذا لانؤيد الرأي القائل بأن (ێ) متغيّر من (آ) اى مورفيم الزمن الماضي للتعبير عن زمن المضارع في المبني للمعلوم، علماً بأن مورفيم زمن الحال او المضارع في اللغة الكردية ماهو سوى الصفر – ∅ –.

مثل: (ڕژا دەڕژ∅م او دەڕێژم، دەڕژێم) تعتبر (ێ) مورفيما فارغاً empty morpheme.

٣- إن حرف الجر (..ه) يتحول الى (ێ) في عبارات الجر – اى الجار والمجرور وتوابعهما – وانتقاله الى نهاية المكون الفعلي والمتضمن جذر الفعل والمورفيمات (clitic) الدالة على الفاعل والمفعول به في كل من المصدرين (دان – گەیشتن)، وينافى رأينا هذا التصور القائل بأن (ێ) متحول من (به) ←إلى (پێ).

من الجدير بالذكر إن هذه المتغييرات ماهي إلا تطبيق لما في النظرية العامة للبنية اللغوية المتمثلة بفئات التمثيلات الصوتية والدلالية وتنظيم القواعد التي تولد هذه التمثيلات في اللغة الكردية وكل اللغات الطبيعية، كلٌ حسب قواعدها الخاصة والتي تميزها عن اللغات الاخرى.

وفي الختام نود ان نقول بأن البحث يحاول اثبات حقيقة هذه المتغيرات من خلال القواعد التحويلية والتوليدية في اللغة الكردية.


## Abstract

The present paper deals with the essential role of the smallest linguistic unit which is the segment {ě}/e/. It highlights its pivotal role in syntactic and phonological analysis in the Kurdish Language. This can be obtained through the segmental analysis of words and sentences embodying (encompassing) the following three phenomena:

1- Changing the sound /a:/ to /e/ in the case of conjugation of the verbs from past form to present form by adding an inflectional morpheme without having any syntactic influence or having any semantic or lexical change، as in:
   jma:rdin /ʒima:rdin/ → dejměrě /dəʒmere/.
   This phenomenon is correspondent to the Arabic Language phenomenon which is known as mutation.
2- The insertion and inclusion of the sound "ě" /e/ in the construction of the present form is represented by the esification of the articulation. This argument disagrees with the claim says that ě /e/ is changed from the past morpheme /a:/ knowing that the morpheme of present in Kurdish is zero morpheme، such as:
   rija /riʒa:/ → /dəriʒim/، derějim /dəreʒim/، derjěm /dəriʒem/.
   Here، the sound ě /e/ is regarded as a zero morpheme.
3- The preposition (a) (ə)، is replaced by ě /e/ in prepositional phrases which shifts to the final part of the verbal constructions including the root of the verb، as in the clitics representing the subject or object in both infinitives (dan /da:n/ and geiŝtin /geiʃtin/.

It is worth mentioning that all these variables are nothing but the application of general theory of the linguistic structure represented by the phonological and semantic entities and arranging the grammar to generate these representatives in the Kurdish Language and all natural languages. Each has its own syntax and grammar by which can be distinguished from the others.The paper is ended with the conclusion which tries to prove the reality of these variables through following the generative transformational approach in the Kurdish Language.